## بێ ئەخلاقی

حەمەسەعید حەسەن

برایەتی دەبێژێت: (سووتاندنی پەرچەمی کۆماری تورکیا، بە رای سەرجەم گەلی کوردستان کارێکی بێ ئەخلاقییە.)(١)

(١) ئایا برایەتی مافی ئەوەی هەیە، بە ناوی سەرجەم گەلی کوردستانەوە بپەیڤێت؟

(٢) نە کەس بێ رەوشتە و نە هیچ کارێکیش بێ رەوشتییە. هەموو کەسێک خاوەنی رەوشتە، ئیدی ئەو رەوشتە جوان بێت یان دزێو. هەموو کارێک رەنگدانەوەی رەوشتێکە، ئیدی ئەو رەوشتە جێی ئافەرین بێت، یان شیاوی نەفرەت.

(٣) برایەتی وەک ئۆرگانی لایەنێکی سیاسی، دەبوو لێکدانەوەیەکی سیاسییانەی بۆ رەوتاری ئالاسووتاندن، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی نارەزایی دەربرین، هەبێت، نەک جنێو بەوانە بدات کە ئەو هەڵوێستەیان نواندووە.

(٤) لە برایەتی دەپرسم:

* ئاڵای داگیرکەر سووتاندن بەدرەوشتییە، یان ئینسان سووتاندن؟ ئەوە نەبوو پیاوانی پدک لە ١٠ی سێپتێمبەری ١٩٦٤دا، لە کانیی ماسی (ئەورەحمانی ساڵحی خلە)یان(٢) بە زیندوویێتی سووتاند؟

* ئاڵای داگیرکەر سووتاندن بەدرەوشتییە، یان ئەوی پدک لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا، بۆ (رزگارکردنی) هەولێر، پێش تانکەکانی سوپای ئەنفال کەوت؟

* ئاڵای داگیرکەر سووتاندن بەدرەوشتییە، یان ئەوەی پدک بۆ قەلاچۆکردنی پەکەکە سەنگەری لەشکری تورکیای هەڵبژارد؟

* ئاڵای داگیرکەر سووتاندن بەدرەوشتییە، یان براکوژی؟

(٥) پدک سەد هێندەی دیکە ماستاو سارد بکاتەوە، لە هیچ گەمەیەکدا، تورکیا حسابی یاریچیی بۆ ناکات و لە باشترین رەوشدا رۆڵی تۆپهێنەرەوەی پێ دەسپێرێت.

(٦) ئەگەر سووتاندنی ئاڵای تورکیا، ئەو ئاڵایەی بە خوێنی کورد سوورە، بەدئاکاری بێت، ئەوا من لای خۆمەوە، مایەی شانازیمە یەکێک بم، لەو بەدرەوتارانە.

2003. 03. 07

(١) سەروتاری رۆژنامەی برایەتی ٢٠٠٦/٣/٦

(٢) ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی سلێمانی/ حیزبی شیوعی عێراق.